أقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة العمل والشؤون الاجتماعية
مديرية الشؤون القانونية

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF Labor And Social Affairs

هەرێمی کوردستان – عێراق
ئە نجوومەنی وەزیران
وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

No :
Date : 2014 / /

ژمارە : 2714 \ کوردی
ڕێکەوت : \

بەپێی ئەو دەسەلآتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی ( ١٠٥ ) برگەی ( **ب** ) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە ( ١٢٦ ) ساڵی ( ١٩٨٠ ) ئەم ڕێنمایییەمان دەرکرد :

MolSA1/2.1.2

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ( ٢٠١٤ )

# ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم دەستەواژە و زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆجێ بەجێ کردنی ئەم ڕێنمایییە :

**یەکەم :** هەرێم : هەرێمی کوردستان – عیراق .

**دووەم :** وەزارەت : وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**سێیەم :** ماڵی داڵدەدان : ماڵێکی نهێنی پارێزاوی تایبەتە بۆ لەخۆگرتنی ژنانی هەڕەشە لێکراو و ئەو ژنانەی کە کێشەی کۆمەڵایەتیان هەیە بەمەبەستی پاراستن و بەدواداچوونی کێشەکان و پەرەپێدانی تواناکانیان تا چارەسەرکردنی کێشەکانیان و گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگە ، و دابین کردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانە بۆیان .

MolSA1/4.1.1 — MolSA1/1.1.1

**ماددەی دووەم :**

ئامانجەکانی ئەم ڕێنمایییە : MolSA1/1.1.2

**یەکەم :** پاراستنی ژنان لە توندوتیژی خێزانی .

**دووەم :** دابین کردنی ژیانێکی ئارام بەشێوەیەکی کاتی بۆ ژنانی هەڕەشە لێکراو و ئەو ژنانەی کە کیشەی کۆمەڵایەتیان هەیە وچارەسەرکردنی کێشەکانیان .

MolSA1/1-3-1 MolSA1/1.1.3

**ماددەی سێ یەم :**

**یەکەم :** وەزارەت هەڵدەستێت بەکردنەوەی شوێنی گونجاو بۆ داڵدەدانی ژنانی هەڕەشە لێکراو و ئەو ژنانەی کە کیشەی کۆمەڵایەتیان هەیە ، کە تیایدا پۆلێن بەندێك بکرێت بەپێی جۆری کێشەکانیان و ماوەی مانەوەیان و باری تەندروستیان .

MolSA1/1-3-2 MolSA1/4.1.2

**دووەم :** ماڵی داڵدەدان هەڵدەستێت بەم کارانەی خوارەوە :

١. وەرگرتنی ئەو ژنانەی تووشی توندوتیژی خێزانی هاتوون ، ئەوانەی هەڕەشەیان لێکراوە ، ئەوانەی کیشەی کۆمەڵایەتیان هەیە و ئەوانەی قوربانیانی بازرگانی بە مرۆڤن .

wrya ٢٠١٤/٥/٢٥

**ماددەی شەشەم :**

**یەکەم :** دەبێت ئەو کارمەندانەی کە لە ماڵی داڵدەدان کاردەکەن بەڵێن نامە پڕبکەنەوە بە پاراستنی نهێنی کەیس و نهێنیەکانی ماڵی داڵدەدان .

MolSA1/2-2-4

**دووەم :** وەزارەت هەڵدەستێت بە کردنەوەی خولی تایبەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکان و پاراستنی نهێنییەکانی ماڵی داڵدەدان بۆ هەموو ئەو کارمەندانەی کار لەگەڵ کێشەی توندوتیژی خێزانی دەکەن .

**سێیەم :** پێویستە ژنی سودمەند پابەندبێت بەڕێنماییەکانی ناو ماڵی داڵدەدان و بەپێچەوانەوە ڕێکاری جێگرەوەی پێویستی بۆ دەگیرێتە بەر.

**ماددەی حەوتەم :**

MolSA1/1.2.1

وەزارەت هەڵدەستێت بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومی ونێودەوڵەتیەکان بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ ماڵەکانی داڵدەدان لەگشت بوارەکان .

**ماددەی هەشتەم :**

ڕێگەدان بە کارکردنی خۆبەخش لە ماڵەکانی داڵدەدان بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری گشتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، بە مەرج وبەڵێن نامەی تایبەت .

**ماددەی نۆیەم :**

ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونی جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**د . ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری کار وکاروباری کۆمەڵایەتی**
**بە وەکالەت**

wrya ٢٠١٤/٥/٢٥